# شنەی ئازادی

حەمەسەعید حەسەن

داهێنان لە ناخەوە هەڵدەقوڵێ و پێوەندییەکی پتەوی بە ژیانی خودی داهێنەرەکەوە هەیە. نوێخوازی ڕۆنانی دیوار نییە، لە نێوان دیرۆک و داهاتوودا، پردێکە مێژوو بە ئایندەوە دەبەستێتەوە. تازەگەری کانیاوێکە لە بناری ڕەسەنایەتییەوە هەڵدەقوڵێ.

من نازانم داهێنەری قورئان، چەند بە دەست ئەفراندنی هەر ئایەتێکەوە ماندوو بووە، وەلێ کە دەنووسم، بە دەست نووسینی هەر ڕستەیەکەوە، هێندە ماندوو دەبم، دەڵێی سەرقاڵی داهێنانی دەقێکی پیرۆزم. ئەوە ڕێز لە خوێنەر گرتنە، هانم دەدا ڕاستییەکان بنووسم و بیر لە قازانجی تایبەتی نەکەمەوە، ڕووناکی بخەمە سەر ڕووخسارە دزێوەکان و ژیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە. ئەم ژانی نووسینە، تەنیا نووسەری ڕاستەقینە و خوێنەری وریا هەستی پێ دەکەن و نرخی دەزانن.

کە نووسینێکم بڵاو دەبێتەوە و هەڵەی تێ دەکەوێ، جۆرە ژانێک پەڕەی دڵم دەسمێ، دەڵێی خەنجەرێکی ژاراویم لێ دراوە. سوپاس بۆ ئەو بڵاوکراوانەی دەرک بە بەهای نووسین دەکەن و بێ ڕەزامەندیی خۆم، نە باز بەسەر وشەیەکمدا دەدەن و نە حەرفێکم دەگۆڕن. دوژمنی ڕاستەقینەم ئەو کەسەیە، لە دڵسۆزیی گەوجانەی خۆیەوە، دەستکاریی نووسینم دەکا.

ساڵی 1983 بۆ ڕادیۆی ‹ینک›م دەنووسی، لەو ڕوانگەیەوە کە مێژوو بریتییە لە ململانێی چینایەتی، بەسەرهاتی گوندە ڕاگوێزراوەکانم دەگێڕایەوە و لە دیدی خۆمەوە باسی ئەدەبی بەرەنگاریم دەکرد. بە درێژایی ئەو ماوەیە، لەگەڵ جیاوازیی نێوان بۆچوونەکانمدا، ئەو دەزگا گرنگەی ینک، گەر چی هەندێ جار ژانەسەریشم بۆ دروست دەکرد، باڵی کۆتری یەک وشەی نەکردم.

نیشتمانم ئەگەر ژنێ
پێ بەسەر **بەردیشتا** بنێ
خونچەی شیعر پێدەکەنێ.

ئەوە کۆپلەیەکە لە شیعری تریفە و زەریا، ساڵی 1998 بۆ ‹گەلاوێژی نوێ›م نارد، مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، کە لە پشت گۆڤارەکەوە بوو، بەم جۆرە بڵاوی کردەوە:

نیشتمانم ئەگەر ژنێ
پێ بەسەر **دەرپێشتا** بنێ
خونچەی شیعر پێدەکەنێ.(١)

‹بەرد›ی کردبوو بە ‹دەرپێ!› کەس هەیە هێندە گەشبین بێ، ئەوە بە هەڵەی چاپ تێبگا؟

لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی ‹PUK›دا، مامجەلال لە قەڵاچوالان 24 .07 .2001 گوتی: (لە پێناوی بەدەستهێنانی متمانەی ڕووناکبیران و خەڵکیدا، پێویستە دەرگا بە ڕووی بیروڕای جیاوازدا بکەینەوە.)(٢)

خەڵکی کاتێ متمانە بەو قسەیە دەکەن، لای کەم ئەو دەرگاوانەی دەروازەی کوردستانی نوێی زمانحاڵی ‹ینک›ی بە ڕووی هاتنە ژوورەوەی بیروڕای جیاوازدا، مەحکەم داخستووە، ترۆ بکرێ.(٣) خۆ ناشێ ینک بە هیوا بێ، بە هیممەتی دیکتاتۆران، قەڵای دیموکراتی ڕۆ بنێ!

به ڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە؟

ئەوی هەنووکە کوردستانی نوێ بەڕێوە دەبا، پیرەدرەختێکە نەک شنەی ئازادی، گەردەلوولی دیموکراتیش هەڵبکا، مێشێ میوانی نییە. ئەو بۆ بەڕێوەبەری زیندان دەست دەدا، نەک سەرنووسەری ئۆرگانی لایەنێ بڕوای بە بۆچوونی جیاواز و ئازادیی بیروڕا دەربڕین هەبێ. ئەگەر گەیشتن بە پۆستی سەرنووسەر لە بری پشتگیریی کەسێکی دەستڕۆیشتووی نێو پۆلیتبیرۆی ینک، بە هەڵبژاردن با و پیرەداریش خۆی کاندید کردبا، لە یەک دەنگ زێتری نەدەهێنا.

2001. 07. 28

(١) تریفە و زەریا، حەمەسەعید حەسەن، گەلاوێژی نوێ ژ: ١٠ ل ٨٣ سلێمانی ١٩٩٨

(٢) کوردستانی نوێ، ل١ ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٥ سلێمانی. (٣) ترۆ بکرێ: دەربڕینێکی باوی نێو یەکێتییە.